# چیرۆکی زۆر کورت

تاهیر سالح سەعید

## زەنگ

که دەستی نا به زەنگی دەرگاکەی ئەواندا، ئەو لەوەدا بوو خەو بچێته چاوی، که بەدەم دەنگی زەنگەکەوە چوو، لە پیرەمێردێکی وشکهەڵاتوو بەولاوە که تانێو قەدی بە نێو بەرمیلی بەردەم ماڵەکەیاندا کردبوو، چیتری نەدی، بەو هیوایەی لە قوڵایی ئەو بەرمیلەوە شتێک هەڵێنجێ، شتێک کە جێگەی ژەمە خواردنێکی ئەو رۆژەی بۆ بگرێت.

## دەوترا

هەردوو دراوسێی دەستەڕاست و دەستە چەپی ئەو ماڵەو تێکڕای دراوسێیەکانی دیکەیان سەرگەرمی باس و خواستێک بوون، ئەویش ئەوە بوو:

– کاتێک کە مێردەکەی لێیدابڕی و بەکارێک بەرەو شوێنێکی دوور، دوور ناردی، بۆ رۆژی دوایی پاش ئەوەی بەشێک لە دەستوپێوەندەکانی لێرەو لەوێ دامەزراند، ژەمێک خواردنی گەرم و حەمامێکی گەرم و نێو پێخەفێکی گەرمی لەو ماڵە خواردو بەسەربرد.

## لە چێشتخانەکەدا

کە بۆ یەکەمجار بۆی چێشتخانەکە بەدەنگیانەوە چوو، سیانی رووتەڵە بوون، بۆیە بۆیەکە شەش نان و سێ سەڵاتەو سێ ماستاوی بەردەم نان، کە بۆی چێشتخانەکە رۆیشت تا لەوسەرەوە بە سینییەکی سیخنانەوە بێتەوە، لە مێزێکی بەتاڵ و سێ قاپی سەڵاتەی بەتاڵ و سێ جێگە ماستاوی بەتاڵ بەولاوە چی تری نەدی.

## لەنێو پاسدا

کە کابرای بەساڵاچووی نێو پاسەکە کەوت و کۆڵەکەی بەر پێی ناوشانی ژنە خانومانەکە کەوت، هێشتا مابووی کورسییەکانی نێو پاسەکە پڕ ببنەوە. کە دابەزی چەند جگەرەیەک وەرگرێت و سەرکەوتەوە، بینی کۆڵەکەی لە جێگەی خۆی نەماوە.

کە پرسیاری کۆڵەکەی لە ژنە خانومانەکە کرد، ژنە لەوەدا بوو سەری لەسەر شانی لاوەکەی تەنیشتی ئارامی دەگرت و پێڵوەکانیشی هێدی هێدی دەنیشتن.

# له پۆلدا

منداڵێک وا، کە نەمامۆستاکەیان و نەخوێندکارەکانی دیکەش گوێیان لێبێت، بە منداڵەکەی تەنیشت خۆیەوەی وت:

– ئەم نیوەڕۆیە چیتان هەیە؟

خوێندکارەکەی لاوەی، وا کە هەر ئەو گوێی لێبێت، دوای ئەوەی هەندێ خۆی بە ڕێکخستنی کتێبەکانییەوە خەریککرد وتی:

– ئەم نیوەڕۆیە سەرەی من نییە، سەرەی خوشکە بچکۆلەکەمە.